Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.02 02:51:11 +01'00'

KURDISTAN NET کوردستان نێت

# که دوژمنتان یەکە, بۆ خۆتان یەك نین؟!

## هاوڕێ باخەوان

بۆ ئەنجامدانی ئەو دابونەریتەی کە چواردە سەدە لەمەوبەر لە بیابانەوە و بە زۆری شمشێر بەسەر کورددا سەپێنرا, هەر بە"هەمان بیری ئەو دابونەریتە" گۆمێکی خوێن لە هەولێری پایتەختدا دروستکرا. بەهۆی ئەم هێرشەوە چەندین سەرکردە و هاوزمانانمان کوژران[1] و برینداریێکی زۆریش هەن. ئەمە جگە لەوەی کە بەهۆیەوە باری ناوخۆیی کوردستان تێکچوو و ترسێکی زۆریش کەوتە دڵی جەماوەری کوردەوە.. چونکە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە دەرکەوت, خەڵکی لە هیچ شوێنێك ئاساییشی پارێزراو نییە. لەمەشدا پۆزشێکی ڕەوایان هەیە و بووردراون, گەر پارتی و یەکێتی پاسی لك و مەڵبەند و ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆیانیان پێنەکرێت, دەبێت ڕەشە خەڵکەکە چی بکات؟!...

ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە, هەر ئەوانەن کە خۆیان بە براگەورەی کورد دەزانن. هەر ئەوانەن کە بەهەمان شێوە و ڕێژە دوژمنی پارتی و یەکێتین. هەر ئەوانەن کە دەڵێن "باشترین نەتەوەین کە تا ئێستا دروست بووین[2]". هەر ئەوانەشن کە ئافرەت دەکەنە نیو مرۆڤ.[3] هەر ئەوانەن کە بە پیاو دەڵێن "دوو دوو, سێ سێ, چوار چوار ژن بێنن[4]". هەر ئەوانەن کە دەڵێن یان لە ئێمەبە یان پارە بدە یان دەتکوژین... هەر ئەوانەن کە ئەنفالی کورد دەکەن... هەر ئەوانەن کە دژی ژیانێکی ئازاد و یەکسانن بۆ کورد و مرۆڤایەتی و دەیانەوێت ژیان بگەڕێننەوە بۆ چواردە سەدە لەمەوبەر و بەجەنگی "بەسوس"ەوە خەریکمان بکەن..

ساڵانێکی زۆر بوو یەکێتی و پارتی گۆمی خوێنینیان بۆ یەکدی دروست دەکرد, بیری بیابان هەردەم لایەنی یەکێکیانی دەگرت و یارمەتیی دەدا تاوەکو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد نەگاتە مەبەستی خۆی. ئەو کات ئەو بیرە پێویستی بەوە نەبوو هێرش بکاتە سەر پارتی یان یەکێتی, چونکە یەکێتی و پارتی خۆیان بەو کارە هەڵدەستان. بەڵام بەهۆی ئەو "ئاشتی"یەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کوردستانی گرتووەتەوە, بیری بیابان ناچار بوو لە کوردستانیشدا پەنا بەرێتە بەر تیرۆر و باری ئاساییشی کوردستان تێکبدات.

[1] سەرخۆشی لەگشت لایەك دەکەم و داوای لێبووردنیش لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە کارەساتەکەی ڕۆژی 01-02-2004دا کوژران و بە "شەهید" ناوم نەبردن. شەهید, وشەیەکی عەرەبییە و بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە لە پێناوی کاری تیرۆریستی و ڕای بیابان سەپاندن بەسەر خەڵکی و وەدەستهێنانی تاڵانیدا دەکوژرێن. هەربۆیە بەکارهێنانی وشەی شەهید بۆ کوژرانی پێشمەرگەیەکی کورد بە کارێکی باش نازانم و هەست دەکەم ڕێزی ئەو پێشمەرگەیە نەگیراوە و خراپەی لەگەڵدا کراوە, با بەو مەبەستەشەوە نەبێت. بەڵام ئەوە ڕاستینەی واتای وشەی شەهیدی عەرەبییە.

[2] کنتم خیر أمة أخرجت للناس.

[3] فللذکر مثل حظ الأنثیین.

[4] فأنکحوا ماطاب لکم من النساء, مثنی و ثلاث و رباع...

ئەو بیرە, دژی کوردە, دژی دامەزراندنەوەی شکۆی لەناوچووی کوردە, دژی پارتی و یەکێتییە و دژی هەموو دیاردەیەکی کوردەوارییە. ئنجا کە پارتی و یەکێتی دوژمنێکی سەرسەختی خۆکوژی واهییان هەیە, ئەدی بۆ خۆیان یەك نین؟!.

ئایا ئەم رووداوە "بەڕاستی" دەبێتە وانەیەکی گرنگ بۆ پارتی و یەکێتی, یان هێشتا چاوەڕوانی ئەوەن کە دوو تیرۆریستی تر روو لە هاوینەهەوارەکانی (سەری رەش و دوکان)یش بکات و سڵاوێکی لماوییش لە لووتکەی هەردوولا بکات!.

2004-02-01

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com